# ململانێی ئایدیۆلۆژیەت یان ڕق و کینەی کەسایەتیی؟



مەخابوونە کە نەتەوەیەکی دێرینەی وەک کورد، چەند سەدەیە پەندێکی لە ئەزموونی پڕ چەرمەسەریی ژیانی ژێردەستەییی خۆی وەرنەگرتووە، کە هەتا ئێستا هەر هەمان تاس و گەرماوە گەورە لێپرسراوانی کورد بەکاری دەهێنن و خۆیانی تێدا دەشۆن. نازانم بەلامەوە سەیر بێت یان نا! ئاخۆ بڵێی هەتا چەند گەورەپیاوانی کورد شارەزای مێژووی خاک و ئاوەکەی خۆیان بن؟ وەک گۆرانی نەمر دەڵێ: هەرچەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم بۆم ناخرێتە نێو چوارچێوەی هەڵبەستم. ئایا نەزانینی گەورەپیاوانی کوردە کە گەلی کورد لەژێر جەور و ستەمی داگیرکەران ڕزگاری نابێت یان یان تاوانی گەورەپیاوانی کوردە کە بۆ بەرژەوەندیی‌یەکانی دوژمن کار دەکەن؟ ئاخۆ چ بەڕێز مەسعود بارزانیی و چ بەڕێز جەلال تاڵەبانیی ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر بۆ چرکەیەکیش بێت ئاوڕێکیان لە مێژووی خوێناویی ئەم گەلە داوەتەوە؟ هەر لە مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عوسمانلی ئیسلامیی سوننییەوە هەتا دەوڵەتی سەفەویی ئێرانی شیعە کە چۆن نەتەوەی کورد لە نێوان دەستاڕی ڕۆم و عەجەم دا هەپرون بە هەپرون کراوە. لە لایەن تورکەوە لە سەردەمی سوڵتان "مورادی ئاق قۆینلوو"دا یەکەمین تەقەلای لەناوبردنی چێوەی خاکی کوردستان دراوە. دوابەدوای موراد، سوڵتان سەلیمی کوڕی کە لە ساڵی 1514 دا هەڵی کووتایە سەر ئازەربایجان و ئەرمەنستان و بەرەو تەورێز بەڕێکەوت. لە دووریی 140 کیلۆمەترەوە لە شاری تەورێز لە دەشتی چاڵدێراندا هەردوو لەشکری سوڵتان سەلیم و شا سماییلی یەکەم دەچن بەگژ یەکدا و خوێنێکی زۆر لە بەرەی هەردوولا دەڕژێت و زۆرینەی کوژراوەکانیش کورد دەبن و لەشکری شا سماییلی سەفەویی دەشکێت و بێگوومان بە پشتیوانیی "مەولانە ئیدریسی بەدلیسیی" سوڵتان سەلیم سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. ئەم دەستەمۆکردنەی میرنشینە کوردەکانیش بێگوومان هەر لەسەر دەستی مەولانە ئیدریسی بەدلیسیی بووە. هەردوو دەوڵەتی زلهێزی سەفەویی و عوسمانلی لە سەرەتای سەدەی شانزدەهەمەوە هەوڵوتەقەلای بەهێزکردنی خۆیانیانداوە لەسەر خوێنی کورد. کاتێک فارسەکان کارێکیان دژی دەوڵەتی عوسمانلی کردبێت و ئەرکەکەیان بە کوردێک سپاردبێت

جا ئایا شەڕوشۆڕی میرنشینێک بووبێت یان کۆکردنەوەی باج بووبێت، لە پاداشتی ئەم کارەدا بۆ سووکایەتی پێکردنی یەکتر لە نێوانی تورک و فارس دا نازناوی "پاشا" و " سولْتان"یان بە کوردەکان داوە. تورکەکان بۆ سووکایەتیکردن بە فارس ناوی پاشایان لە کوردێک ناوە هەمان کات فارسەکان بۆ سووکایەتی کردن بە تورک ناوی سولْتانیان لە کوردێک ناوە. هەمان کات بەردەوام میرنشینە کوردەکانیان لەناوخۆیاندا داوە بە شەڕ و تەفرەیان تێکردوون. تێکڕای میرنشینە کوردەکان بە درێژاییی سەدەی شانزدەهەم هیچ لایەکیان کۆششی بۆ پێکهێنانی کوردستانێکی گەورەی نەکردووە هەریەکە لە لایەن خۆیەوە هەوڵیداوە میرنشینەکەی خۆی بپارێزێت جا چ بە شەڕ بووبێت یان بە بەرتیل و باج و ملکەچیی بووبێت. هەندێک جاریش بە فەرمانی چ فارس چ تورک میرنشینێکی تری کوردیان لەناوبردووە لە پێناوی مانەوەی خۆیاندا. جا ئایا بە درێژاییی ئەم چەند سەدەیە چیمانکردووە؟ چ جیاوازیی‌یەکمان لەگەڵ میرنشینەکانی سەدەی شانزدەهەمدا هەیە؟ ئێمە لەم باروودۆخە ناسکەدا دوو لایەنمان هەبێت نەتوانن خۆیان یەکبخەن ئیتر بۆ ڕەخنە لە میرنشینەکانی سەردەمی عوسمانلی و سەفەویی‌یەکان بگرین؟ چ پارتی دیموکراتی کوردستان و چ یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان تۆزقاڵە زەڕڕەیەک چییە ململانێی ئایدیۆلۆژیەت ناکەن بێجگە لە ململانێی ڕق و کینە و کەسایەتیی هیچ جیاوازیی‌یەکیشیان لەگەڵ دوو میرنشینی فیودالیی سەدەکانی شانزەدا نییە.

پۆلا سەعید
25.11.03